# وەرزی مردن

پشکۆنەجمەدین



وەرزێک دێ،  دەمرم.
خۆزگە پاییز بێ و
خوێنی گەڵایەک بڕژێتە رۆحی هەڵفڕیومەوە،
خەزانی دارێک،
تەرمي بێنازم لە ئامێز بگرێ،
بە تیشکی زەردی دوانیگامەوە،
پەلکەزێرینەی ژیان جێ بێڵم...
وەرزێک دێ، دەمرم..
خۆزگە پاییز بێ و
دوابزەی نازی خۆرئاوابوونێک
تابووتپۆشم بێ..
ئەستێرەیەکی ئاشق و سەرشێت،
وەک خۆم سەریاخی،  ببێتە گۆڕم!.

به دوی مردندا را ناکەم.. ئەو وەرزێک دێ
پێم خۆشە ئێوارەی رۆژێکی پاییز بێ..
بێت و پێشتر تەلەفونێکی نەکردبێ،
نەیپرسیبێ:
داخۆ لە فڕکردنی قاوەیەکی تاڵ بوومەتەوە؟!
جگەرەیەکم کێشاوە؟!
چیرۆکێکم بۆ "رۆمان" خوێندووەتەوە؟
بە "گێلاس"م گوتووە:
گوڵە گیان، ماندوو نەبیت!... چ عومرێکی درێژە رۆژێکی لێکدابڕان؟!.
پێم خۆشە بێت... بێت و نەپرسێ؛
داخۆ شیعرێک لە نووسینەوەم بووەتەوە؟
رۆمانی "کیمیاگەرم" خەتم کردووە و لەگەڵ "رۆحی گەردوون"دا  پەیڤیوم؟!
چەند تابلۆی رەش و سپیی " ئەزموون و یاد"م لە یاد ماون؟
لە دەرگای چەند قوتابخانەم داوە و چەند پۆلەپیتی " باڵدار"
لە زارم هەڵفڕیون؟...

من بە دوي ئەودا غار نادەم..
ئەو وەرزێک دێ
ئەو مانگێک دێ
ئەو رۆژێک دێ
ئەو ساتێک دێ..
بابێت و زەنگێکیشی لێ نەدابێ،
نەیپرسیبێ چەندي مانگی ساڵی چەندە و
من لە داوێنی کام دەوران داکەوتووم و لە ساڵۆني کام سەدەدا
دەستی سواڵم راگرتووە!
بابێت..

بابێت و وەک منداڵە لاسارەکانی گەڕەک لە دەرگا نەدات،
وەک پشیلە نەوسنەکەی دراوسێمان بێخشپە،
بەدەم ئاوازی وەنەوشەیی مەرگەوە، یەکسەر بۆ ژوورەکەم بێت و
ئێوارەباشم لێ بکات..
بتوێتەوە تیشکەدەستی لە دەستی تەزیومدا،
لێوی تاسەی، حەسرەتی لێوم بمژێت..
پێم خۆشە، پێش ئەوەی دانیشێ؛
لە پەرێزی ئێوارەدا چەپکێ لە زەردەپەڕ بچنێ و
بە پەنجەرەی بینینمدا هەڵیواسێ!
زنجیری جانتاکەی بترازێنێ، قاپێ شەرابی زەردرەنگ و
دوو پیاڵەی زەرلی لەسەر مێزەکەم دابنێ..
پێم خۆشە، ئەو خۆی ساقی بێ..
بە دەستی موبارەکی خۆی، یەکەم پێکی خەزان سەرڕێژ بکا و
بڵێ: بەسڵامەتیی سەری خۆم.. نۆش!.
هەر دێت... با بێت و
دواپیاڵەکانی " فەنا " پێکەوە هەڵبدەین..
با بێت و
دوانیگاکانی چاوەڕووانی بە ژوواني ئەشق بسپێرین،
دەستی شەپۆلەکانی مەستیی بگرین و
کەنارە زەردەکانی "بوون" بەرەو قوڵاییە رەنگینەکانی
عەدەم جێ بهێڵین!.
با بێت..
با لەگەڵ کزەبای ئێوارەی پاییزدا، هەرساتێک پێی خۆشە!...

ئاپریلی 2004